Secretary General

Revolutionaries Union of Kurdistan

سکرتێری گشتی

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# سوپاسنامەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

لە ماوەی رابردوودا, ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و لایەنە کوردستانیەکان, بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و تێکۆشەرانی RUK, دۆستان و دڵسۆزانی و پشتیوانانی لە کوردستانی باشور, دۆستان و لایەنگران و پەنابەران و پەنا خوازانی سیاسی لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات؛ بەسەردان, یان لە رێی تەلەیفۆن و فاکس و ئیمایڵ و نامەوە بەبۆنەی ١٢ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان, پیرۆزباییان پێشکەش کردوین.

بەمجۆرە, بەناوی سەرجەم تێکۆشەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە, پڕ بە دڵ سوپاس و رێزی ئەمەگدارانە پێشکەشی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم و لەوەی کە نەمانتوانی, وەڵامی یەك بەیەکی ئەو خۆشەویستانە بدەینەوە, داوای لێبوردن دەکەین.

ئەو هەستە جوان و خۆشەویستیە بێگەردەی کە لە نێو یەك بە یەکی وشە و دێڕەکانی پیرۆزباییەکاندا دەخوێندرێنەوە, بوونە مایەی ماندووحەسانەوە و سارێژ بوونەوەی برینەکانمان و سوور بوونمان لەسەر درێژەدان بە خەبات لەرێی ئازادی دا.

من و هەموو خەباتگێڕانی RUK تێدەکۆشین هەروا, ئەو رێگە و رێباز و ئەخلاق و رەوشتەی بەوجۆرە خۆشەویستی و رێز و متمانەی لای رۆڵەکانی نەتەوەکەمان دروست کردووە بپارێزین, بەخوێنی ئاڵی شەهیدە نەمرەکانی رێگای نیشتمان وەفاداربین و هەردەم خزمەتکاری بێ تەماح و چاوەڕوانیی نەتەوە و خاك و وڵاتمانبین.

بەرێز و حورمەتەوە

حسەین یەزدانپەنا

٢٧٠٣/٣/٩

٢٠٠٣/٥/٣٠

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت